


# سەرژمێریی دانیشتوان 2020 ؛ ئەو پرسیارانەی زۆرجار دەکرێن




## سەرژمێریی چییه ؟

دەستوری ئەمریکی داوا لە حکومەت دەکات هەر10 ساڵ جارێك هەموو ئەوکەسانە سەرژمێر بکرێن کەلە ئەمریکادا دەژین. سەرژمێریەکە منداڵی ساوا و مندالی گەورە و ئەوانەی ڕەگەزنامەی ئەمریکیان نییە و پیرو گەورەتەمەنەکانیش دەگرێتەوە. لەسەر هەموو خێزانێك پێویستە لە مانگی ئازاری 2020 دا فۆرمی سەرژمێری پڕبکاتەوە ، دەتوانرێ بەتەلەفون یان بە ئینتەرنێت یان لەسەر کاغەز فۆرمەکە پڕ بکرێتەوە.

**کشانەوەو پرنەکردنەوەی فۆرم : بەشداریکردن لە سەرژمێریەکەدا ماف و بەرپرسیارێتی خۆمانە**

## بۆچی سەرژمێری گرنگە ؟

زانیاری دەربارەی ژمارەی دانیشتوان یارمەتی پرۆگرامەکانی حکومەت دەدات و بڕیار لەسەر دەنگی سیاسیمان ئەدات:

- زانیاری ڕاست و دروست دەربارەی ژمارەی دانیشتوانی ئەمریکا یارمەتی حکومەت دەدا کە چۆن بڕیاری بەخشین و دابەشکردنی 800 $ بلیارد دۆلار بدات بەسەر هەرێمەکان و ناوچەکان و شارەکاندا States,Counties,Cities، هەروەها بەخشینی پارە ئەمانەش دەگرێتەوە : سەرفکردن بۆ تەندروستی هاولاتیان (بڕگەی 8) ، پرۆگرامی پەروەردەی مندالان (هێد ستارت) ، پرۆگرامی خۆراکی بەکەڵك (SNAP) ، هەروەها قوتابخانەکان.
- زانیاری ڕاست و دروست دەربارەی ژمارەی دانیشتوان بڕیار دەدات کە دەبێ چەند نوێنەرمان لە کۆنگرێسدا هەبێت ، هەروەها یارمەتیمان دەدات کە نوێنەرایەتیەکی دادپەروەرانەمان هەبێت لە هەرێمەکەماندا و لە حکومەتی ناوچەکەشدا.

## tئایا زانیاری سەرژمێریی تایبەتیه؟ (لەوانەیه ئەمه ببێته هۆی کشانەوه و پرنەکردنەوەی فۆرم)

بەڵێ ! بە پێی یاسا ، ئەو زانیاریە تایبەتیانەی کە لەسەر فۆرمی سەرژمێری ئەدرێن ، بە نهێنی دەمێننەوەو ناتوانرێ بدرێن بەهیچ دامودەزگایەکی تری حکومەت وەکوو : پۆلیس ، فەرمانگەی کۆچ و کۆچبەران ، دادگا ، هەروەها فەرمانگەی خانووبەرەو خاوەن خانوو .

COUNT ME 2020
SAN DIEGO AND IMPERIAL COUNTIES CENSUS OUTREACH COALITION


CENSUS CALIFORNIA ALL 2020

RICH Refugee & Immigrant Census Hub

@countme2020

Get Counted!

countme2020.org



## ئایا سەرژمێریی پرسیار لەسەر رەگەزنامە دەکات؟

نەخێر ! دادگای باڵا رێگەی نەدا  دەسو دائیرەی سەرۆك كۆمار دۆناڵد ترەمپ کە پرسیاری رەگەزنامە بخاتە ناو فۆرمی سەرژمێریەوە. پرسیار دەربارەی رەگەزنامە ناخرێتە ناو فۆرمی سەرژمێری ساڵی 2020 ەوە.

## کەی و چۆن فۆرمی سەرژمێریەکەم پربکەمەوە؟

سەرژمێریەکە لە مانگی ئازاری 2020 دا دەست پێدەکات ، ئەوکاتە دەتوانیت فۆرمەکە پربکەیتەوە کە بریتیە لە 8 پرسیاری کورت بەهۆی تەلەفون یان ئینتەرنێت یان دەتوانی داوای فۆرمی کاغەز بکەیت.

- **لەسەر لاین ئینتەرنێت:** لەناوەراستی مانگی ئازاردا  هەموو خێزانێك پۆست کارتێکی پێدەگات تێیدا داوایان لێدەکات کە فۆرمی سەرژمێری پربکەنەوە لەسەرلاین یان بەهۆی تەلەفونی زیرەکەوە Smartphone بە بەکارهێنانی کۆدێکی تایبەت کەلەسەر پۆست کارتەکە تۆمارکراوە ،هەر خێزانێك پێویستی بە پرکردنەوەی تەنها یەك فۆرم هەیە ، بەلام پێویستە ناوی هەموو ئەوانەی تێدا تۆمار بکرێت کەلە ناو خێزانەکەتاندا دەژین.
- **بەتەلەفون:** ژمارەی تەلەفونێك لەسەر پۆست کارتەکە تۆمارکراوە ، دەتوانن تەلەفونی بۆ بکەن و فۆرمەکەتان پربکەنەوە.
- **بە پۆستکردن (بەریدی ئاسایی):** دەتوانی تەلەفون بکەیت و داوا بکەیت کە فۆرمی کاغەزت بۆ بنێرن ،ئەگەر تا ناوەراستی مانگی ئەپریل فۆرمەکەت پر نەکردبێتەوە ئەوا بەشێوەیەکی ئۆتوماتیکی فۆرمی کاغەزتان بۆ دەنێردرێت.
- **بە ئامادەبونی شەخسی خۆتان:** ئەگەر خێزانەکەتان تا کۆتایی مانگی ئەپریل فۆرمی سەرژمێری پر نەکردبێتەوە ، ئەوا فەرمانگەی سەرژمێری کەسێك دەنێری بۆ ماڵەکەتان کە پێی دەوترێ enumerator یان سەرژمێرکەر بۆئەوەی دڵنیا بێت کە هەمووتان ژمێردراون.

**کشانەوەو پرنەکردنەوەی فۆرم ؛ دڵنیابە هەموو ئەندامانی خێزانەکەتان سەرژمێرکراوە لەگەڵیاندا منداڵی ساوا ، منداڵی گەورە ، ئەوانەی کە رەگەزنامەی ئەمریکیان نییە هەروەها پیرو بەتەمەنەکان**

## دەبێ چیبکەم ، ئەگەر بمەوێ فۆرمەکە بە زمانێکی جیاواز لە ئینگلیزی پربکەمەوە ،یان ئەگەر پێویستم بە یارمەتی هەبێت لە پرکردنەوەی فۆرمەکەدا ؟

فۆرمەکانی سەرژمێری لەسەر لاین بە 12 زمانی جیاواز هەن کە ئەمانەن : عەرەبی ،فەرەنسی ، ڤێتنامی ، ئیسپانی ، چینی ، تاگەلۆگ ، کۆری ، روسی ، هایتان کرۆلی ، یابانی ، پورتوگالی وە پۆڵۆنی ، هەروەها دەتوانی بەتەلەفون لە رێگای ئەو زمانانەوە فۆرمی سەرژمێری پر بکەیتەوە بەبەکارهێنانی ژمارەی ئەو تەلەفونەی کەلەسەر پۆستکارتەکە تۆمار کراوەو لە مانگی ئازاری 2020 دا گەیشتووە بەدەستتان.

یان

لەسەرەتای مانگی ئازاری 2020 ەوە فەرمانگەی سەرژمێریی پەنابەران و کۆچبەران چەند سەنتەرێك دەکاتەوە بۆ وەلامدانەوەی هەر پرسیارێك کە هەتانبێ لەهەموو کاونتی ساندیاگۆدا ، دەتوانن بە 14 زمانی جیاواز پرسیار بکەن و وەلامەکانتان  وەربگرنەوە ، بۆ بەدەستهێنانی لیستی زمانەکان وئەدرەسی سەنتەرەکان دەتوانن سەردانی ئەم لینکە بکەن  www.panasd.org/census  لە ئێستاوە دەتوانن ئەم بەستەرە بکەنەوە ، کاتێك کە کرتەی ( کلیکی ) لەسەر دەکەن یەکسەر ئەو زمانانەتان پێ دەڵێت کە دەتوانن بەکاری بهێنن و بەهۆیەوە یارمەتی وەرگرن لەهەمان کاتیشدا پێتان دەڵێ کە لە مانگی ئازاردا سەردانی چ سایتێك بکەن بۆ دەستکەوتنی ئەدرەسی سەنتەرەکان و کاتی کارکردنیان.